# بەرەو زمانی یەکگرتووی کوردی

خەسرۆ پیربال

"بۆ نەتەوەیەك، کە هێشتا ئازاد و سەربەخۆنەبووە و دەوڵەتی تایبەتی خۆیی نییە، شادەماری ژیان ومانی، زمانەکەیەتی.."

ئیرەییدە ئەناتۆلیڤنا سمیرنۆڤا و کەریمی ئەیووبی (١)

پێشەکی:

دەربارەی زمانی کوردی و نەتەوەیەکەی، هەروەکوو بەرامبەر کێشە رامیاری و کۆمەڵایەتی میللەتەکەمان، لێرەو لەوێ،گەلێك ڕاووبۆچوونی ناحەزانە بڵاودەکرێنەوە، گووایە کورد زمانێکی یەکگرتووی پێوانەی ستاندەری نیە، ئەم بۆچوونانە هەروەکوو دەربارەی کێشە سیاسیەکەی میللەتەکەمان پێشکەش دەکرێن، زیاتر زێدەڕۆیی و قوورسکردێکی بە ئانقەستە،دەرهەق بە زمان و میللەتەکەمان دەکرێت.

ئەم بیرورایانە لە پێناو سوککردنی زمانەکەو نەتەوەکەمان ئەنجام دەدرێت، بە مەبەستی سەپاندنی دەسەڵات و فەرامۆشکردنی لە هەموو ڕوویەکی ژیانەوە، تا کوردەکان نەتوانن سەر بڵندکەن و خۆیان بناسن. (٢) وە باشترین وەڵام بۆ ئەو بۆچوونانەی دووژمنان، ڕەسەنایەتی و دەوڵەمەندی زمانەکەمانە، بەڵام ئەمڕۆکە دەتوانین زیاتر هەوڵبدەیین بۆ نیشاندانی لایانە گەشاوەکانی زمانەکەمان، هەروەها زیاتر شارەزا بین، بەرامبەر بە خاڵە بەهێزو پۆزەتیڤەکانی زمانی کوردی شیرینمان.

ئێمە هەوڵەکەمان لەم لێکۆڵینەوەدا، بە شێوەیەکی گشتی،بۆ دیارخستنی لایانی باش و بەرهەمە بەرجەستەکانی نووسەرو دەزگاکانی فەرهەنگی کوردی و کوردستانیەکانە، بۆ پەرچدانەوەی ئەو هەوڵانەیە کە دووژمنانی زمان و میللەتی کورد پێی هەڵدەستن. وەکوو پلانێکی فەرهەنگی، لەتەك پلانی ئیستراتیژیان بۆ لەت و پەتکردنی میللەتەکەمان، بە شێوەی جیاجیاو دابەشکراو. هەروەکوو زانای تورك دکتۆر ئیسماعیل بیێشکچی دەڵێ: "ڕێگە گرتن لە پێشکەوتنی زمان، فەرهەنگ، وێژەو فۆلکلۆر، سەرکەوتووترین شێوەی کۆیلەکردنی میللەتە". (٣)

دیارە زۆر ئاشکرایە، بڕیاردان لەسەر یەك ئەلفو بێی یەکگرتووی سەرتاسەری، وە یەك زمانی پێوانەی کوردی، دیاریکردنی یەك ڕێنووسی نووسین کارێکی پێویست و گرینگە، بەڵام لەبەر هۆی سیاسی و سستی کاری یەکگرتووی و هاوبەشی نووسەرو پسپۆڕانی کورد، لە چارچێوەی دامووەدەزگا فەرهەنگیە کوردیەکاندا نەکراوە، بەڵام ئەمە وا ناگەیێنێت، کە هیچمان بەدەستەوە نیە، وە کێشەکە بەرەو پێشەوە نەڕۆیشتووە.

ئێمە وەکوو پەرچدانەوەی ئەو هەوڵە ساردکەرەوانەی دووژمنانمان، بە ووردی هەندێك باس و مەسەلەکە ڕوون دەکەینەوە، کە هەرچەندە ساکار بن، بەڵام سەرەتاییەکن، بۆ بڕیاردان و گفتووگۆکردن، بە هیوای بەستنی کۆبوونەوەو کۆنفرانسێکی تایبەت لە سەر ئەم بابەتە، وە کردنەوەی دەرگای لێکۆڵینەوە، تیشك خستنە سەر فاکتەرەکانی مەسەلەکە، وە هۆی نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی.

ڕەگ وریشەی زمانی کوردی:

زمانی کوردی، لە ڕووی زمانەوانییەوە، زمانێکی ئێرانییەو بەچەند زاراوەیەك دەناسرێتەوە. وە دەکرێ زمانی کوردی لەگەڵ زمانی پەشتۆ (زمانی ئەفگانیەکان) دا وەکوو زمانێکی نزیك بەراوورد بکرێت.پەشتۆ بەسەر تەنها دوو وڵات دابەشبووە (ئەفگانستان و پاکستان) ، بەڵام زمانی کوردی، بەهۆی واقیعی سیاسی میللەتەکەمان،



©Kurdistan Net

بەسەر عیراق، ئێران،سووریا،تورکیا، و یەکیەتی سۆڤیەتی کۆن (ئەرمەنستان و ئازەربێجان و گورجستان) دابەشبووە. (٤)

بە شێوەیەکی سەرەکی، زمانی کوردی، بە سێ کۆمەڵەئەلفوبێ دەنووسرێت وە چەندین دیالێکتی جیاواز، وە ئەمەش خۆی لەخۆیدا وەکوو کێشەیەکە بۆ زمانەکەمان، بەڵام لەهەمان کاتیشدا، دەوڵەمەندیەکی گەورەیە، وە دەکرێت،ئەو دەسەڵاتەو ئەو فراوانیە، وەکوو سەرچاوەیەکی گەورەی زاراوەکانی کوردی بژمێردرێت.

ئەو کۆمەڵە ئەلفوبێانەش، ئەمانەن:

١-ئەلفوبێی عەرەبی: ئەمە لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامدا سەریهەڵداوە، وە هەتا ئەمڕۆکە بەردەوامە، کورد تووانیویەتی دەنگەکانیان لەگەڵدا بگوونجێنن، وە گوونجاندنەکەشیان بە هەنگاوی جیاوازو لەیەکتر دابڕاو ئەنجامداوە.

بۆ نموونە، هەر لە کۆنەوە هەندێك هەوڵدراوە دەربارەی پیتەکانی (پ،چ،ژ،ڤ) ، یان کێشەکانی پیتی (و) (ل) ، (ڵ) ..هتد. (٥) ، ئەم جۆرە ئەلفوبێ یە لە کوردستانی عیراق و ئێران بەکار دەهێنرێت، وە لە مێژووی نوێشدا،لە سەرهەڵدانی بەهاری ١٩٩١،لەگەڵ دامەزراندنی یەکەمین دەسەڵاتی کوردی لە کوردستانی باشووردا، پێشکەووتنێکی بەرچاوی بەخۆوە دیووە.

٢-ئەلفوبێی لاتینی : لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، لە سوریاو عیراق و ئەرمەنستان، هەوڵدرا ئەلفو بێی ستانداردی زمانی کوردی، لەسەر بنچ وبناوانی ئەلف و بێی لاتینی دابنرێ، بەڵام هیچ لایانێکی تری پەیوەستار ئاگاداری ئەم مەسەلەیە نەبوونە. (٦) ئەم جەشنە ئەلف و بێیە لە دەزگا- زانستیەکانی هەموو ئەورووپا بەکار دەهێنرێت، وە ئەمڕۆکە لە تورکیاو سووریا پەیڕەو دەکرێت و بەکار دەهێنرێن.

٣-ئەلفوبێی کریلیك (ڕووسی) : لە دووایی جەنگی جیهانی دووەم، ئەم ئەلف و بێیە پەیڕەوکرا.ئەم ئەلف و بێیە تەنها لە ئەرمەنستان و یەکیەتی سۆڤیەت پەیڕەودەکرێت و کاری پێدەکرێت.وە لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوودا هەندێك کتێب، بەو ئەلفوبێیە بڵاوکراینەوە.

بە شێوەیەکی گشتی، زمانی کوردی بەسەر دوو دیالێکتی زۆر نزیك دابەشکراوە، ئەمانەش، شێوەی کرمانجی و شێوەی خوارون، بەڵام،هەرگیز ئەم "جیاوازیە" هێندە گەورە نین، وەکوو لە مێژوودا، دووژمنانمان بە شێوەیەکی زەق و گەورە لە قەڵەمیان داوەو باسکراوە، ئەم جیاوازیە هێندە گەورەو کاریگەر نیە بۆ ئەوەی، لە نووسین و ئاخافتندا،کوردەکان لەیەکتر نەگەن، وە ئیتر دەبێت لەیەکتر دابڕێین، باس لە دوو زمان و دوو دوونیای جیاواز بکەین.

هەموو ئەو هەوڵە خراپەئامێزانانە، کردەی دووژمنەکانمانن، دەبێت لە ئاستی ئەکادیمی و زانستیانە بەرپەچ بدرێنەوە، باشترین بووارێش، ئەو کۆڕو سیمینارانەیە کە ئەمڕۆکە لە کوردستان دەکرێن، بۆ نموونە، کۆبوونەوی زمانی کوردی، کە ئەنستووتی کورد لەی تاران سازیان دەکات،یان سیمیناری فەرهەنگی کوردی لە لایان یەکیەتی نووسەرانی کوردەوە، ساڵی پار (١٠-١١/١٣/ ٢٠٠١) لە هەولێر سازکرا، وەهەروەها، دەکرێت، کۆڕی زانیاری کوردستان هەمان مەبەست بکاتە، کارو بەرنامەیەکی ئەکادیمی و زانستی لە کوردستان، بۆ ئەوەی زیاتر بە بەشداریکردنی پسپۆڕانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی دەوڵەمەند و دۆکوومەنت بکرێن.

دیارە کۆنترین دەقی نووسراوی کوردی، بە ئەلفوبێی عەرەبی نووسراینەوە، وە هەندێکیان دەگەڕێنەوە ساڵی ١٥٠٠، شیعرەکانی مەلای جزیری و فەقێ تەیران (٧) . هەروەها، هەر بەم زمانەش ڕۆژنامەی کوردستان، کە

www.kurdistannet.org
31/03/2002 22:40
یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیە دەرکراوە لە ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە، پاشان لە ئەستەنبوڵ لە ساڵی ١٩٣٠ درێژەی پێدراوە. ئەمەش وەکوو بەڵگەیەکی تر، ئەگەر بتوانین، ئەلفو بێ ی عەرەبی کە ئەمڕۆکە وەکوو پێوویست لەهەموو شێوەکانی تری زاراوەو دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی خزمەتدەکرێت، هەتا ئاستێکی باشیش خۆی چەسپاندووە، دەکرێت وەکوو زمانێکی پێوانەی کوردی یەکگرتوو هەڵبژێردرێت.

ئێستاکە شێوەی سۆرانی نووسین و بڵاوکردنەوە بە ئەلف وبێ ی عەرەبی، زیاتر لە شێوەو ئەلفوبێی تر بەکار دەهێنرێت، وە ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ واقیعی سیاسی و ئەزموونی کوردستانی باشوور.

دیارە مەسەلەی باری پێشکەوتن و دوواکەوتنی زاراوەیەك، یان شێوازی نووسین و گەشەسەندن زمانێك، بەستراوەتەوە بە شێوەیەکی سەرەکی بە بارودۆخی سیاسی ئەو سات و ئەو کاتەوە، پاشانیش بەستراوەتەوە، بە مێژووی فەرهەنگی کوردی، هەروەهاخۆبەختکردن و پلەی ڕۆشنبیری و هەڵوێستی نووسەرو ڕۆشنفکرانی هەر میللەتێك لە ئاست پێداوویستیەکانی نەتەوەکەیدا.

دەربارەی پرۆسەی هەڵبژاردنی ووشەو پیتەکان، وە هەندێك ووردەکاری ڕێزمانی زمانەکەمان، هەر لە سەرەتاکانی هەوڵی چەسپاندنی زمانێکی یەکگرتوودا، لە ساڵی١٩١٣ لە لایان کۆمەڵەی (هیوی) لە ئەستەمبوڵ، هەتا پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، هەروەها لە پاشانیش، هەموو لایەك خەونیان بە زمانێکی یەککرتووی کوردی بینیوە، وە ئەم مەسەلەیە، چ بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی زمانەکەمان، چ بۆ یەکگرتنەوەی زمانی ئەدەبی کوردیمان، مەسەلەیەکی ئێجگار گرینگە، لەبەر ئەوەشە کە دەبێت ئەو پیتانە پەسەندبکرێن، کە لەگەل بارودۆخ و تایبەتمەندیەکانی زمان و نووسینی کوردی دەگوونجێن.

زمانی کوردی و بارودۆخی سیاسی کوردستان:

ئەزموونەکانمان گەواهی ئەوەن، کە هەر پێشکەوتنێك و تێکشکانێکی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی، هەمیشە کاریگەری خۆی هەبووە، لەسەر پێشکەووتن، یان دوواکەوتنی زمانەکەشمان، زیاتر تێکئاڵان و دروستبوونی کێشەو گرفتی نوێ، بە مانایەکی ئاشکراتر، دروستبوونی دیواری نوێو لەیەکتردابڕان،هەروەها بێئاگاهی لە یەکتر و لەیەکتر دوورکەوتنەوە.

دیارە بەکارهێنانی سێ ئەلفوبێ ی جیاواز گرفت دروست دەکات، وە پەیڕەوکردن و یەکخستنی بۆچوونەکان، پەیڕەوکردنی یەك ئەلفوبێ و شێوازی نووسین و قسەکردن، دەسەڵاتێکی یەکگرتوو و دەوڵەتی کوردی پێویستە، بەڵام مخابن، ئەو دەوڵەتە کوردیەمان نیە، بەڵام ووردبونەوە لە ئەزموون و دەسەڵاتی داموودەزگا فەرهەنگیەکانی کوردستانی باشوور (هەرێمی کوردستانی عیراق) نیمچە– دەسەڵاتێکی فەرهەنگی کوردی دروستکردووە.

کۆڕی زانیاری کوردستانن،ئەمڕۆکە، هەتا ئاستێکی بەرچاو، وەکوو سەرەتاییەك، هەندێك کاریان ئەنجامداوە، بۆ نموونە، داڕشتن و نووسینەوەی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، دامەزراندنی مەڵبەندێکی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، بە هاوکاری هەندێك لە پسپۆڕان و نووسەران لە هەولێری پایتەخی هەرێمی کوردستان، دەرکردنی هەندێك کتێب و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە زمان و ڕێزمانی کوردی (٨) .

لە ناو مێژووی زمانی کوردیدا، پێشکەووتنی بەرچاو بەدیدەکرێن لە هەندێك قۆناغی مێژووی میللەتەکەمان، وە لە هەمان کاتیشدا،هەندێك دوواکەوتن و تێکشکانیش هەبوونە، بۆ نموونە، تا ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەم، دیالێکتی کرمانجی لە ناو ئەدەبی کوردیدا بڵاوببووە، کە جۆرێك لە پێشکەوتنی پێوە دیاربوو، بەڵام شێوەی خوارووی زمانەکەمان پەنگاو بوو، بەڵام لەکاتی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهابادا ساڵانی (١٩٤٥–

١٩٤٦) ، هەرچەندە ئەزموونێکیتەمەن کورت بوو، بەڵام پێشکەوتنەکان، تەنها سیاسی و کۆمەڵایەتی نەبوون، بەڵکوو فەرهەنگیش بوون، زمان و وەشاندنی فەرهەنگی کوردی بە شێوەیەکی دیار پێشکەوت، بە تایبەتی دیالێکتی سۆرانی پێشکەوتنێکی ئاشکرای بە دەست هێنا. (٩)

شۆڕش و لایانی ڕزگاریخوازی کورد، کاریگەری جیاجیا بەسەر زمانی کوردیەوە جێهێشتووە،وە هەر شۆڕشێك بەرپابووە، زمانی کوردیشی گرتۆتەوە، جگە لەوەی جۆرێك لەگەشەکردن و بووژانەوەی بەرجەستەکردۆتەوە، بەڵام لەهەمان کاتیش لەناو زمانەکەدا وشەو زاراوەو دەربڕینی نوێیان هێناوەتە کایەوە،بەمەش زمانەکەمانی دەوڵەمەند و فراوانتر کردووە.

بۆ نموونەش، هەر لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری، وە شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمر،شۆڕشی ئاگریداغی، بەسەرۆکایەتی ئیحسان نوری پاشا، پاشان دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهابادا، پاشان شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١، وە هەتا شۆڕشی نوێی کورد لە ساڵی ١٩٧٦، بە درێژایی ساڵانی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتوو و سەردەمانە، گەلێك ووشەی نوێ و گۆڕانگاری گرینگ ئەنجامدراون، وەبەمەش زمانەکەمان دەوڵەمەنتر بووە. (١٠)

لە سەردەمی شۆڕشەکەی شێخ مەحموودی نەمرەوە، لە ژێر بارودۆخی چەسپاو و ئازادکراو، ئەو قەوارە بچکۆلانەی ئەوکاتی دەسەڵاتی کوردی و ناوچەی حکومداریەکەیدا،بۆ یەکەمین جار بە شێوەیەکی بەرچاو هەوڵی چەسپاندنی زمانێکی یەکگرتووی کوردی دراوە، واتە کاتێك جۆرێك لە هێمنی و دامەزرانی دەزگای ڕامیاری و دەوڵەت هاتوونەتە کایەوە، ئەو کاتیش هەوڵی چەسپاندنی زمانێکی یەکگرتووی کوردی دراوە، لێرەشەوە گرینگی بارودۆخی سیاسی کورد ڕۆڵی خۆی بینیوە، لە هەر کات و زەمانێکدا لە پێشکەووتن و دواکەووتنی زمان و فەرهەنگی کوردییدا.

کۆماری کوردستان، گەشانەوەیەکی گرینگی بەخشیە بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی،دیارە حیزبی دیموکراتی کوردستان، بایەخێکی تایبەتی بەکارو باری ڕۆشنبیری و خوێندەواری دا، (مەنافی کەریمی) دەستنیشانکرد بۆ وەزیری فەرهەنگی کۆماری کوردستان، لەو ماوە کورتەی تەمەنیدا، بەڵام کارو خزمەتێکی گەورەی ئەنجامداوە. (١١)

ئەو کاتەبوو، کە کۆماری کوردستان هەوڵی بە کوردیکردنی زمانی ڕەسمیداوە، وە ئەو کاتە بوو کە دەزگای فەرهەنگی کۆمار زۆر یارمەتی پێشکەش بە نووسەرو ڕۆشنبیران کردووە، هەروەها دەزگاکان چالاك کرابوون، بۆ ئەوەی هەڵسن بە داڕشتنەوەی ڕێزمان و ڕێنووسی تایبەتی وپاکڕاگرتی ئاخاوتنی زمانی کوردی و نووسینەوەی فەرهەنگ و پاککردنەوەی زمانەکەمان لە ووشەی بێگانە، بە تایبەتی لە ووشەی تورکی و عەرەبی و فارسی. (٢)

دیارە ئەزموونی کۆماری کوردستان، شۆڕشێکی فەرهەنگی بەربڵاوبووە بۆ کوردەکان، جگە لە هەڵمەتی بەکوردنی کردنی زمانی ڕەسمی و بازرگانی و پەیوەندیەکان و کاروباری دەوڵەت، چاپخانەو بڵاوکراوەی گرینگ سەریهەڵداوە (هێنانەوەی یەکەمین چاپخانەی کوردی لە لایان حوسێن حوزنی موکریانی لە شامەوە بۆ کوردستان) ، بۆ نموونە گۆڤاری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٥ لە مەهاباد.

دیارە لەتەك ئەم گۆڤارەوە، بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی دەرکراوە، کە خزمەتێکی چاکی زمان و ڕێزمانی کوردی کردووە، کە سەید موحەمەدی حەمیدی سەرنووسەری گۆڤارەکە بووە. هەروەها لەتەك

دامەزراندنی ڕادیوٚ سینەماو دەزگایەکی پەخشکردنەوە، بڕیاری دامەزرانی کتێبخانەیەکی میللی دەرکراوە لە لایان وەزارەتی فەرهەنگی کوٚمارەوە، بوٚ یەکەمین جار لە مێژووی میللەتی کورددا، کوٚمار داوای کردووە کە هەر یەکێك، حەزبکات کتێبەکانی خوٚی، یان بەشێکیان ببەخشێتە کوٚمار بوٚ کردنەوەی کتێبخانەیەکی گەورەی میللی کوردستانی، بەڵام مخابن ئەم پڕوٚژەیە سەری نەگرتووە و کوٚمار هەرەسی هێناوە. (١٣)
بە شێوەیەکی گشتی،فاکتەرە ڕامیاری و ئابووری و زمانەوانیەکانە،کە دەبنە هوٚی گەشەکردن و پێشکەوتنی ڕوٚشنبیری، وە پێشکەوتنی زمان بە تایبەتی، بەڵام بە بوٚچوونی ئێمە، هیچ فاکتەرێك بەقەدەر هوٚکارە ڕامیاریەکان و کەشووهەوای ئازادی میللەتێك نیە، بوٚ پێشکەووتن و توٚکمەبوونی هەوڵەکان، بوٚ داڕشتنەوەو دروستبوونی زمانێکی پاك و دەوڵەمەند، وە زمانی کوردیش وەکوو هەر زمانێکی تری دوونیا، تەنها لە کاتی ئاشتی و سەرفرازی و ئازادی نەتەوەییدا، زیاتر لە هەر کاتێکی تردا، زیاتر پێشکەوتووە، چاکترین نموونەش، ئەو هەڵمەتە بەرفراوانەی ئەمڕوٚکەی میللەتی کوردی باشوورە، کە هەر لەگەڵ دروستبوونی دەزگاکانی نیشتیمانی کوردی، لە بوواری فەرهەنگی زمانی کوردیمان، زیاتر لە هەموو سەدەی ڕابردوودا گوٚڕانکاری و پێشکەوتنی بەسەردا هاتووە.

مێژوو ئەوەمان بوٚ دەسەلمێنێت،لە کوردستانی باشووریشدا (کوردستانی عیراق) پاش شوٚڕشی ١٩٥٨ لە عیراقدا، ئەدەبی کوردی هەتا ئاستێکی گوونجاو، لێوەشاوە لەو بارودوٚخەی ئەوکاتەی ناوچەکەو کوردستان، پەرەی سەندووە، وە بە تایبەتی دیالێکتی خواروو (سوٚرانی) .

هەروەها، ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ وە دامەزرانی دەسەڵاتی کوردستانی لە باشووردا، وە دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عیراقدا، بووە هوٚی بەرەو پێشچوونێکی جوٚریی زمان و فەرهەنگی کوردی، بە شێوەیەکی گشتی، گەلێك ووشەو زاراوەی نوێ هاتوونەتە ناو زمانی کوردیمان، هەروەها لە ئاستێکی بەرزیشەوە گەلێك گوٚڕانکاری گرینگ بەسەر زمانەکەمان داهاتووە.
دەتووانین گرینگترینیان، لە دامەزران و بەکاربوونی کوٚڕی زانیاری کوردستانەوە ببینین، وە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی نوێی بوٚ دەستنیشان کراوە، وە بڕیاری نووسینەوەو پەسەندکردنی ڕێنووسیی یەکگرتووی کوردی دراوە، هەروەها بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوکراوەتەوە لە سەرجەم چاپخانەو بنکەکانی وەشانددا.
لە بواری بڵاوکردنەوەو پەخشکدنەوەی کوردیش، هەر لە ساڵی ١٩٩٢ وە، گەلێك ڕوٚژنامەو گوٚڤارو کتێب، بە زاراوەی جیاوازی کوردی، وە هەروەها بە کوردی لاتینی، بڵاوکراوەی هەفتانە هەیە. دیارە بە شێوەیەکی فراوانیش سوود لە پێشکەووتنی زانستی وەرگیراوە، لە بوواری بڵاوکردنەوەو ڕێکخستنی ماڵپەڕی ڕوٚشنبیری، بوٚ نموونە: ماڵپەڕی دهوك نێت، ماڵپەڕی دەزگای ئاراس و ناوەندی سەردەم لە سولەیمانی و چەندین بابەتی تر:

**http://www.duhok.net**
لە کوردستاندا، ژمارەیەکی ئێجگار زوٚر لە گوٚڤارو ڕوٚژنامە دەردەچن، زوٚربەی ئەو بڵاوکراوانە کەوتوونەتە نێو ئەنتەرنێت، هەروەها ماڵپەڕی تایبەتی دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاراس دروستکراوە، کەبەرهەمەکانیان، مانگانە نوێ دەکرێنەوەو کتێبە نوێیەکان بڵاودەکرێنەوە، وە ئەمەش خوٚی لەخوٚیدا، شوٚڕشێکی گەورەیە لە بوواری بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی کوردی :

http://www.araspublisher.com

ئەو هەوڵانەی لە کوردستانی عیراق و لە چوارچێوەی چالاکیە فەرهەنگیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون، هەوڵی سەرەتایین،دەربارەی هەوڵی تاکەکەسی کراو، هەتاوەکوو ئەمڕۆکە، ئێجگار لاوازن، وە هیچ هاوکاریەك و پاڵپشتیەکی گەورە، لە ئەوروپا لە لایان نووسەرو داموودەزگا فەرهەنگیە کوردیەکان،نووسەرانی هەندەران،لەگەڵ ئەوەش خەڵکانێکی خاوەن تووانا و بە سەلیقەمان هەیە، بەڵام هەتا ئێستا بە ئاستی خواستەکانمان نیە، بە هەمان شێوەش،لە لایان پارچەکانی تری کوردستانەوە (ئێران، تورکیا، سوریا...) .

چارەسەر چیەیە و، چی بکرێت ؟

لە مێژووی میللەتی کورددا، هەمیشە ئەوە دەڵێینەوە کە دووژمنانمان، سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەیان دەرهەقمان پەیرەو کردووە، وە ئەم سیاسەتەشیان بووە، کە بووە هۆی دوواکەوتن و گەشەنەکردنی زمانەکەمان، بەڵام ئەمڕۆکە دەبێت ئێمە خۆمان، بە شیکردنەوەیەکی بابەتیانەو پسپۆڕانە، زمانەکەمان بناسین، هەموو ئەو خاڵە ڕەشووسپیانەی ئاسمانی زمانی شیرینی کوردی ببینین، بە شێوەیەکی گوونجاو هەنگاو هەڵنێین.

دەربارەی هەڵبژاردنی ئەلف و بێیەك بۆ زمان و نوسینەوەی کوردی، ئێمە هەوڵدەدەیین وەکوو پێشنیار، وە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، وە ساکارانە، باس لە ڕاستیەکی کووشندەو، واقیعی ئەمڕۆکەی قۆناغیمیللەتەکەمان و زمانەکەمان دەکەیین.

دیارە کێشەی میللەتی کورد، هەروەکوو پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی هەبووە، بەسەر پێشکەووتن و ساردی و دواکەوتووی زمانی کوردی، ئەمرۆکە کوردستانی باشوور، ناوەندێکی بڕیاردانی نیشتیمانی هەیە، وە جگە لەو دامودەزگایە خۆماڵیەو ئەو هەوڵە ساکارانە، هەوڵێکی شەرمن دراوە بۆ ڕێکخستنی زاراوەکان، بڕیاردان لەسەر ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، نووسینەوەی (فەرهەنگێکی کوردی – کوردی) ، سازدانی کۆبوونەوەو نووسین و لێکۆڵینەوەی پسپۆڕانە، دەربارەی زمان و فەرهەنگی کوردی، هەموو ئەو چالاکیانە لەگەڵ پشتگیری و هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆی مەکتەبی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی کوردستاندان، دەزگای ئاراس، کە بە بەرهەمێك و دەسکەوتێکی گرینگی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دادەنرێن، چەندیین کتێبی گرینگی بەچاپگەیاندووە.

پێشنیار دەربارەی باشووری وڵات : (کوردستانی عیراق) :

- لە کوردستانی باشووردا، ئەلفوبێ عەرەبی، هەتا ئاستێکی ئێجگار پێشکەوتوو شوێنپێی خۆی کردۆتەوە، وە بە شێوەیەکی گەورە خزمەت کراوە، بنکە زانستیەکانی خۆی،وەکوو زمانێکی یەککرتوو، ڕەگوریشەی خۆی چەسپاندووە، لەبەر ئەوەشە کە هەرگیز ناکرێت ئەو هەوڵ کۆششە لەبەرچاونەگیرێن.

ئەلفوبێ عەرەبی باشترین بڕیارو چارەسەرە، لەگەڵ ئەوەش دەبێت لە قووتابخانەکان، وە هەر لە پۆلەکانی ناوەندی خوێندن،لەتەك ئەلفوبێ عەرەبی، دەکرێت قووتابیان، شارەزاییان دەربارەی ئەلفوبێ لاتینی هەبێت، نەبێتە مەسەلەیەکی نامۆ و نەزانراو.



©Kurdistannet

دیاره بە داخەوە، دەسەڵاتی کوردی لە کوردستانی باشووردا، ناتوانێت داوای چەسپاندنی بڕیارەکانی بدات لە بەشەکانی تری کوردستاندا، واتە تورکیا، سووریا، ئێران و ئەرمەنستان، ئەم مەسەلەیەش زۆر ئاشکرایە، وە دەبێت بە شێوەیەکی واقیع بینانە، سەیری بارودۆخی ئەمڕۆکەی میللەتی کورد و کوردستان بکەیین.

لەبەر ئەوەشە ناکرێت ئەلفوبێی عەرەبی، بسەپێندرێت بەسەر ئەو وڵاتانەی باسمانکردن، وە دەبێت ئەوەش بڵێین، کە بڕیاردان بەدەست کورد خۆیەتی،بەڵام جێبەجێکردن بە دەستی خۆی نییە، گەر بڕیاردان و جێبەجێکردن هەردووکیان لە دەسەڵاتی کورد خۆیدا بووایە، ئەوکاتە باسێکی دیکەبوو. (١٤)

بەڵام ئەوەی ئەمڕۆکە لە کوردستانی باشووردا بەرجەستە بووە، دەبێت وەکوو ئەزموونێکی بە سوود، لە بوواری جیاوازەوە چاوی لێبکەیین، میللەت ڕاستە پێوویستی بە زمانێکی پاراو و یەکگرتوو هەیە، بەڵام کێشەی مان و نەمان و مەسەلەی ئاسایش و قڕکردنیان، وەکوو جەستەش، هەروەها مەسەلەیەکی گرینگی گفتووگۆیەکانمانن.دیارە حەز و خەونەکانمان بەرەو ئەو ساتانە دەڕۆن ئەگەر ئەم بارودۆخەی ئێستاو ئەزموونی کوردستانی عیراق، لە بوواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری خزمەتێکی بەشەکانی تری کوردستان بکات، وە لە بوواری بڵاوکردنەوەو یارمەتیەکاندا، دەتووانێت زۆر بەسوودبێت،وە ببێتە فاکتەرێکی بەهێزو پۆزەتیڤ بۆ خزمەتکردنی زمان و فەرهەنگی سەرجەم بەشەکانی تری کوردستان.

ئەوەی پەیوەست بێت بە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە، دیارە هەر لە سەرەتاکانی درووستبوونی حکومەتی کوردی لە کوردستانی باشووردا، پەیوەندیەکی بەهێزی فەرهەنگی جوراوجۆر، لە ئاستێکی باش بۆ ئاڵوگۆڕکردن و بڵاوبوونەوە و گۆڕینەوەی بیروڕاو، سازدانی چالاکی فەرهەنگی لە نێوان کوردستانی ئێران و هەرێمی کوردستانی عیراقدا دروستبووە.

پێشنیار بۆ کوردستانی باکوور و ڕۆژئاوا:

باشترین ئەلفوبێی هەڵبژێردراو بۆ کوردستانی تورکیاو سوریا، هەر ئەو ئەلفوبێیە لاتینییە، کە هەر لە سەرەتاوە پەیڕەوکراوە، لەتەك فێربوونی ئەلفوبێی عەرەبی، ئەم مەسەلەیە بۆ دانیشتووانی کوردستانی تورکیا گران نیە، لەبەر ئەوی هێندە نیە، کە لە تورکیا زمانی تورکی بە ئەلفوبێی عەرەبی (عووسمانی) بووە. وە هەتا ئەمڕۆکەش قورئان وەکوو سەرچاوەیەکی گرینگی خوێندنەوە دادەنرێت.

بە نیسبەت کوردەکانی ڕۆژئاوا (سووریا) ، ئەلفوبێی عەرەبی دەتوان فێربن،وە ئەمەش کێشەیەکی گەورە نیە، لەبەرئەوەی، زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمی وڵاتەو ئاشنایەتیان بەو ئەلفوبێیە هەیە.

پێشنیار بۆ کوردەکانی تاراووگە :

دیارە ئەمڕۆکە، زیاتر لە دوومیلیۆن کورد (کوردەکانی هەر چوار پارچەکان) لە دەرەوی کوردستاندا دەژین، وە ئاشکرایە کە نەوەیەکی نوێ ی کورد درووست بووە، بۆ منداڵانی کورد لە هەندەران باشترین، وە بەسوودترین شێوەو ئەلفوبێ، بۆ فێربوونی زمانی کوردی، ئەلفوبێی لاتینییە.

دیارە بۆ ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە، دەکرێت ئەگەر ڕەچاوی ناوەند و بارودۆخی ژیانی منداڵ و خێزانە کوردەکانی هەندەران بکرێت، ژیانیان، لەناو فەرهەنگێکی لاتینی و ئەوروپی. بە شێوەیەکی گشتی نووسین و زمانەکان بنچینەی ئەلفوبێی لاتینیان هەیە، وە زۆر ئاسانترە ئەگەر منداڵانی کوردی هەندەران، زمانی کوردیش بە ئەلفوبێی لاتینی فێربن. (١٥)

بەداخەوە، دیارە پەرتیوبلاوی، بە دابەشکردن و پێشنیارەکانەوە دیارن، بەڵام خەونەکانمان گەورە و جوان بوونە، بەڵام بەداخەوە، واقیع و بارووودۆخەکانمان، لە ناوەوەو لە دەرەوەی وڵات شتێکی ترن.
بە بۆچوونی ئێمە، باشترە پێشکەوتنێکی پچرپچرمان هەبێت، لە دوواکەتن و بزربوونمان، وە پاشان، ڕەشبوونەوەمان لەناو زمانەکانی تری دەوروبەرمان. ئەمە خوێندنەوەیەکی واقیعبینانەیە، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك، بۆ فێربوونی زمانی کوردی، وە هەرگیز بڕیاردان و دانپیادانانی دوو ئەلفوبێ جیاواز، وە نووسین و بڵاوکردنەو بەو دوو شێوە جیاوازە، کارەساتێك و کێشەیەکی گەورە نیە، کە هەموو داهاتووی زمانی کوردی بخاتە ناو مەترسیەوە. بەڵکوو ئێمە بە دەوڵەمەندیەکی دەزانیین.

لە تەك ئەم پێشنیارانەوەش، دەربارەی پەسەندکردنی ئەلفوبێ و خوێندن و نووسینی کوردی بۆ بەشەکانی کوردستان، دیارە هەندێك مەسەلەی تری گرینگ هەیە، کە دەتووانن بە ڕاستی خزمەتێکی گەورەی هەموو بەشەکانی کوردستان بکەن، وە ببنە یارمەتیەکی لۆجیستیکی گەورەی فەرهەنگ و زمانی کوردی، بۆ نموونە :

١-پێویستە، پێشەکی، نووسەران و ڕۆناکبیرانی نەتەوەکەمان، پێش خەڵکانیتر فێری خوێندنەوەو نووسینی ئەلفوبێی لاتینی بن.
٢-نووسینەوەی فەرهەنگێکی تایبەتی (کوردی-کوردی) ، بە پیتی عەرەبی و لاتینی دابنرێ، ئەمەش مەسەلەیەکی ئێجگار گرینگە، وە دەبێت هەتا زووە کۆڕی زانیاری کوردستان، لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ ئەم مەبەستە دیاربکات، دەکرێ خەڵکانێکی پسپۆڕ لەو بووارە کاری تێدا بکەن. بۆ ئەوەی زمانەکەمان ئاسان بێت، بەتایبەتی کە زمانی کوردی لە چەند دیالێکتێك پێکهاتووە، دەبێت لەکاتی هەڵبژاردنی دوو ووشەی وەك یەکدا، ئەوا هەوڵبدرێت بۆ فەرهەنگەکەمان، ووشە ئاسانەکە هەڵبژێردرێت و بەکاربهێنرێت. (١٦)
٣-دەزگایەکی تایبەت و پسپۆڕی وەرگێڕان و گۆڕینی زاراوەو ئەلفوبێیەکان، لە عەرەبییەوە بۆ لاتینی، وە بە پێچەوانەوەش، مەسەلەیەکی زۆر یارمەتیدەرە،هەروەها شایانی ئاماژە پێکردنیشە،هەوڵی‌ساکار و گرینگ دراون بۆ نووسین و بڵاوکردنەوە بەهەردوو ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی، بۆ نموونە، نووسەران سیروان کاروانی و مهاباد کوردی لە ووڵاتی سوێد، کتێبێکیان نووسیوە پێکەوە، کتێبەکە، لە دوو بەش پێکهاتووە، هەمان چیرۆك بە ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی نووسراوەتەوە. (١٧)
دەربارەی دیاریدەی کۆچکردنی کوردەکان بەرەو ووڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا، دیارە هەر لە ساڵانی شەستەکانەوە، بە هەزاران پەناهەندەی کورد، وەکوو پەناهەندەی سیاسی،کەوتنە ووڵاتان و تاراووگە، ووردە ووردەش، لە هەر ووڵاتێکدا بە گوێرەی بارووودۆخی تایبەتیان، هەوڵیان داوە خۆیان ڕێکبخەن و لە بوواری فەرهەنگی و ڕۆشنبیریدا، چالاکی بنوێنن، لەوانە (بڵاوکردنەوەی گۆڤارو کتێب چاپکردن) ، هەوڵی ساکاریان داوە بۆ خوێندنی زمانی کوردی، وە بەتایبەتی بۆ منداڵانیان، کە زیاتر لە دایکان و باوکانیان، گرینگی فێربوونی زمانی کوردیان پێوویستە.

دیارە خوێندنی زمانی کوردی، بۆ منداڵان، وە بەشێوەیەکی گشتی بۆ کوردەپەناهەندەکان، زیاتر بە ئەلفوبێی لاتینی چاکترە، لەبەر ئەوەی،هەموو پێداوویستی تەکنیکی پێوویست و زیاتر ئاسانکاری بۆ دەکرێت لە لایان ئەو ووڵاتانەی تیایدا دەژیین، بە شێوەیەکی گشتی، وە هەروەها ئەزموون نیشانی داوە، بۆ ئەوانەی لە ووڵاتانی ئەوروپادا گووزەران دەکەن، باشترە بە ئەلفوبێ لاتینی فێری نووسین و خوێندنەوەی کوردی بن (١٨)

دیاره ئەم چارەسەریە، خۆی لەخۆیدا هەندێك كێشە دەنێنەوە، وە لەسەر ئاستی نەتەوەیی وەكوو دوو زمان حیسابی بۆ دەكرێ، بۆ نموونە لە سوێد، دامووەدەزگانی حكومەت و وەزارەتی بێگانان و وەزارەتی فەرهەنگی ئەو وولاتە، زمانی كوردی بە پیتی لاتینی و عەرەبی، وەكوو دوو زمان چاوی لێدەكەن، بەلاّم ئەگەر بە دوو زمانیش وەربگیرێت، وەكوو كورد و لەناو ئەو پەنگاوەدا دەبێت ڕازی بین. (١٩)
هەرچیەك بكرێت بۆ یارمەتیدانی ئەو مندالآنەی هەندەران، هەموو هەوڵەكان ناتووانن ئەنجامی سەركەوتووی تەواو بەدەست بهێنن، لەبەر ئەوەی كۆمەڵگای ڕۆژئاواو و ئەوڕوپا كاریگەری بەهێزی لەسەر نەوەی نوێدا هەیە، دیارە ئێمە مەبەستمان لێرەدا، ئەو مندالآنەیە كە دایك و باوكیان كوردن،ئەگەر نا بۆ ئەوانەی یەكێكیان كورد نییە، ئەوا دەبێت دەستان لێ بشوێین! (٢٠)

پووختە :
دیارە خەونی هەموو كوردێكە،ڕۆژێك بهاتایە و میللەتێكی ٤٠ ملیۆنی، ببێتە خاوەن یەك زمانی یەكگرتووی ڕێك و پێك، وەكوو میللەتانی تری دوونیا، بەلاّم ئەم مەبەستە ڕاستەوخۆ بەندە بە باری سیاسی و پلەی پێشكەووتنی دەسەلاّتێكی یەكگرتووی كوردی سەرتاسەریەوە.
پێمان خۆشبێت، یان ناخۆشبێت، ئەمڕۆكە ئێمەی كورد، زۆر بە ڕاشكاویەوە دەیلێن،كە دوو زمانی یەكگرتوومان هەیە (ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی) ، وەكوو میللەتەكەمان، زمانەكەشمان كراوە بە دووبەش، زمانی كوردیش وەكوو كەسایەتی كورد، بە دوو شێوەی جیاواز دەخوێننەوەو دەنووسن.
زمانی كوردی، بە بەراوورد لەگەڵ زمانەكانی تری دوونیا، جگە لەوەش كە چەمكێكی تایبەتی خۆی هەیە، بەلاّم زمانی كوردی چەمكێكی سیاسیشە، لەبەرئەوەی كوردستان، وولاّتێكی سەربەخۆو نیە، یەك پارچە و یەك دەسەلاّتی ناوەندی نیە، هەر هەڵكشان و داكشانێك، یان هەر تێكشكان و پێشكەوتنێكی كێشەی كورد، وەكوو مەسەلەیەكی سیاسی، ئەوا ڕاستەوخۆ كاریگەر دەبێت لەسەر هەڵكشان و داكشانی زمانی كوردی.
كورد، نووسەرو پسپۆڕانی زمانی كوردی و ڕۆشنفكرانی زۆرە، بەلاّم مخابن، پەرش و بلاّوین، هیچ كارێكی ئەكادیمی گرینگ بەو پەرشوبلاّویە ئەنجام نادرێت،ڕۆژێك دادێت كە زمانێكی یەكگرتوومان هەبێت، وە ئەو بڕیارەش تەنها دەزگایەكی ئەكادیمی كوردی دەیدات، لە كاتێكدا كورد خاوەن دەوڵەتێك و دەسەلاّتێكی ئابووری بەهێز بێت، بۆ ئەم مەبەستەش، دەبێت هەموو نووسەرو ڕۆشنبیرانی كورد، لە ناوەوەو لە دەرەوەی كوردستان، لە ناو دامووەدەزگایەكانی دەسەلاّتی كوردی، وە بە تایبەتی كۆڕی زانیاری كوردستاندا، یان هەر دەزگایەكی ئەكادیمی و فەرهەنگیدا، ناو زانكۆكاندا یەكبگرنەوە، هەر بەمەش هەر یەكێك، بەشدار بێت لە كاری هاوبەش و زیاتر كێشەی زمان و میللەتەكەمان بەرەو پێش دەبەیین، بەلاّم ئەوەی گرینگ و شتێكی بەڵگەنەویستە كە زمانێكی كوردی ئازاد و یەككرتوو لەسەرووی هەر شتێكەوە، بەندە بە گەلێكی ئازاد و كوردستانێكی سەربەخۆوە.

خەسرۆ پیربال
فینلەندە لە ٢٠٠٢/٣/٢٨

**Address:**

Khasro Pirbal
Vuoksenk 6 B-15
15100 Lahti
Finland
Telefax: 00 358 37807672
Mobil: 00 358 503204815
Pirbal@hotmail.com

پەراوێزو سەرچاوەکان:

١- ئەنوەر قادر موحەمەد، چەند وتارێکی کوردناسی، دەربارەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، وەرگێڕدراو لە زمانی ڕووسییەوە، ١٩٨٩، سوێد.

٢- دکتۆر ڕەفیق شوانی، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، دەزگای موکریان ٢٠٠١، لاپەرە ٩٣.

٣-دکتۆر حوسێن موحەمەد عەزیز، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردیی، لاپەرە ٥٣١، دەزگای سەردەم، سولەیمانی ١٩٩٩) .

٤- پرۆفیسۆر بوو ئویتاس، بەڕێز ئەمجەد شاکەلی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی – ووتار –، زاراوە کوردییەکان و زمانی نووسین،ماڵپەڕی نووسەری کورد، سوێد ٢٠٠٢.

٥ –ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، ماڵپەڕی دەزگای ئاراس، کوردستان، ٢٠٠٢.

دیارە هەر لە ساڵی ٢٠٠١، دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاراس، کە دەزگایەکی فراوانی بڵاوکردنەوەی کوردستانیە، لە ناو هەموو کتێبە چاپکراوەکانیدا، لە دوواوەی کتێبەکانەوە، وەکوو پێچراو ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی بڵاودەکاتەوە، ئەو ڕێنووسەی کە لە لایان کۆڕی زانیاری کوردستانەوە پەسەند کراوە، وە لە هەموو ماڵپەرەکانی نێو ئەنتەرنێتدا بڵاوکراوەتەوە :

http://www.araspublisher.com

٦- زوبێر بلال ئیسماعیل، مێژووی زمانی کوردی، لاپەرە ١١٨، وەشاندی دەزگتی بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردی، عیراق، ١٩٨٥.

٧- پرۆفیسۆر بوو ئویتاس، بەڕێز ئەمجەد شاکەلی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی – ووتار –، زاراوە کوردییەکان و زمانی نووسین، ماڵپەڕی نووسەری کورد، سوێد ٢٠٠٢.

٨- ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، ماڵپەڕی دەزگای ئاراس، کوردستان، ٢٠٠٢

٩- نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان، کورد لەگەمەی سۆڤیەتدا، هۆڵەندا، چاپی یەکەم، لاپەرە ١٤٣، ١٩٩٣.

١٠- دکتۆر ڕەفیق شوانی، چەندە بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی،دەزگای موکریان،لاپەرە ٤٩، کوردستان، ٢٠٠١.

١١- نەوشیروان مستەفا، هەمان سەچاوە،لاپەرە ١٤٣.

١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوە لاپەرە ١٥٨.

١٣-هەمان سەرچاوە، ١٦٥

١٤-دکتۆر حوسێن موحەمەد عەزیز، هەمان سەرچاوە، لاپەرە ٣٧٣.

١٥- خەسرۆ پیربال، زمانی یەکگرتووی کوردی، خەونێکی گەورەو، واقیعێکی تاڵ، برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە ٢١٣ دەزگای برایەتی، ٢٠٠١.

١٦- دکتۆر حوسێن موحەمەد، هەمان سەچاوەی پێشوو.

©Kurdistan.Net

١٧–سیروان کاروانی و مهاباد کوردی،داستانی کورەوکچە،سوێد،٢٠٠١.
تێبینی: دیارە ئەم بەرهەمە ئەدەبیە، گرینگیەکی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی، وەکوو یەکەمین نموونەیە، بۆ بڵاوکردنەوەی کوردی کە بە هەردوو ئەلفوبێ (عەرەبی و لاتینی) بڵاوکرابنەوە، دەستخۆشی لە نووسەران دەکەیین..
١٨– خەسرۆ پیربال، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
١٩–ئەمجەد شاکەلی،منداڵی کورد و فەرهەنگی کورد لە هەندەران،لاپەرە ٦١، سوێد، ١٩٨٩.
٢٠–دکتۆر حوسێن موحەمەد عەزیز، هەمان سەرچاوە، لاپەرە ٥٣٠.
٢١– دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ئاراس، لاپەرە ٤١، کوردستان.
٢٢– مەهاباد کوردی، باسێکی گشتی دەربارەی زمان، گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە ١٣، ١٩٩١، دەنمارک.
٢٣– عەبدووڵا پەشێو، چەند سەرەنجێکی سەرپێیی دەربارەی مێدیاو زمان، گۆڤاری باسکار (سەباحی غالب) ، ژمارە ٥/ ٢٠٠٠، لاپەرە ٤٤، لەندەن.
٢٤– گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، ژمارە ١٣/ ٢٠٠٢، ووتارێك دەربارەی کۆنفرانسی فەرهەنگی کوردی (سیمیناری قامووسی کوردی) ، کە لە هەولێردا بەسترا، ١٠–٢٠٠١/١١/١٣،کوردستان.
ماڵپەرەکانی ئەنتەرنێت:
http://www.nuserikurd.com
http://www.araspublisher.com
http://www.sardam.com
http://www.duhok.net
ماڵپەری نووسەری کورد– سوێد
ماڵپەری دەزگای ئاراس– کوردستان
ماڵپەری دەزگای سەردەم– کوردستان
ماڵپەری دهوك نێت– کوردستان

©Kurdistan Net